

# ئەو عیشقەی ناکوژێتەوە

موحسین ئاوارە

(1)

گەر بزەی سەر لێوو رووخساری گوڵێك
جاڕی رایەڵی تەونێك بکێشێ
لەکەللەی مەراقی بولبولێك
راچڵەکێنێ دڵە چووکەکەی پەپولەیەك
چ جای منێك گوڵەکەم
بەو خەندەو سیحر ئەفسووناویەت
ئاگر نەکەیتەوە لەدڵەکەم؟!

(2)

ئێوارە بوو..
دوو کۆتر
ئەم سەرو ئەوسەری پەلکە زێرینەیان بەدەستەوە گرتبوو
بۆ ئەو پەپولانەی یاری تیپ تیپانێیان لەسەر دەکرد
بەتەنیشت ئەو حەسرەتە گریاوەدا تێپەڕیم
بەتەنیشت ئەو پەنجەرە داخراوەدا تێپەڕیم
بەتەنیشت ئەو پەردە دادراوەدا تێپەڕیم
تێپەڕیمو ئەوەی لێم بەجێما
ئاهێکی قووڵ.. رابردوویێك پڕ لەبیرەوەری
بەتەنیشت ئەو خانووە رووخاوەدا تێپەڕیم
بەتەنیشت ئەو ساکە ئەرزەدا تێپەڕیم
بەتەنیشت ئەو هەبووە نەماوەدا تێپەڕیم

تێپەڕیمو ئەوەی لێم بەجێما
هێی.. هێی بۆ زەمانێ
بۆ ئەو شتە شاراوانەی من دەیزانمو
نامەوێ کەسێکیتر بیزانێ!!

(3)
جوانان دەبینم، وەك ئەسپی رووتو خورت
لێم رادەکەنو بەمن جلەوگیر ناکرێن
جوانان دەبینم، وەك بروسکەی بەهاران
خورپە لەدڵ هەڵدەستێننو دەڕۆنەوە
وەك دەرکەوتنی خۆرەتاوی جحێڵ لەبەیانیانو
پیربوونیشی لەئێواراندا.. دەڕۆنەوە
جوانان دەبینم
بەو دڵە هەرمێیە بچووکەی خۆمەوە
کە داگیر کراوە
دەرگای یەشەمێی سەرمۆر داخراوە
لەپەنجەرەکانی ئەو دەڵەدا
سەیریان دەکەمو
ناتوانم پێیان بڵێم وەرنە ژوور
ئای لەو داگیرکەرە جوانە

(4)
منو قەقنەس، کەوتینە کۆکردنەوە
ئەو، پووشو پەلاش
من، پەیڤ
ئەو لەسەر پووشەکەدا باڵە ئاگراویەکانی لێك دا
منیش بۆ پەیڤەکان سەرە داوی خەیاڵم بەر نەدا
قەقنەس گڕی گرتو سووتا
پەیڤەکانی منیش پڕ مانا بوونو گەشانەوە
ئەوە نییە، گڕو ئاهەکان وەك گەردەلوول تێك ئالاون
ئەگەر دەمم والا نەکەمو نەچنە دەر
دەمخنکێنو دەمدەنەوە دەست قەدەر!!